# نەرویج لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ ناردنەوەی گرۆپێکی تری پەنابەرانی عێراق بەزۆرەملێ بۆ بەغداد

موف کۆمیتە نەرویج دڵشاد رەسوڵ



بەر لە چەند رۆژێک هەواڵی دەستگیر کردنی چەند پەنابەرێکمان راگەیاند کە لەزیندانداند بۆ نارنەوە .

بەپێ ئەو هەواڵەی کەدەست کۆمیتەکەمان کەوتوە ژمارەی دەستگیرکراوەکان گەیشتە 15 هاوڵاتی عیراقی و لە نێویاندا چەند عەرەبێک بەرچاو ئەکەوێت بەڵام زۆرینەی کوردن ، بەردەوام وڵاتی نەرویج پلانی دەستگیر کردنی پەنابەرانی عێراقی هەیە و دووبارە سەرۆک وەزیرانی نەرویج سیاسەتی وڵاتەکەی روونکردەوە دەرباری ئەو پەنابەرانەی کە داواکانیان رەتکراوەتەوە هیچ مافێکی مانەوەیان نیە لە وڵاتەکەدا داوی لێکردن خۆیان بە ئارە زوو مەندانە بگەرێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان ئەگەر ناچار ئەبن بەشێوەیەکی زۆرە ملێ بیان گێرنەوە و بێ بەش ئەبن لە هاوکاری وەرگرتن .

هەروەها لە پەیوەندێکدا لەگەڵ یەکێک لە دەستگیر کراوەکان پی راگەیاندین بۆ ماوەی دوو هەفتیە من دەسگیر کراوم . چەند رۆژێکە ئازاد کراوم بەهۆی ئەو هەواڵانەی کە دراوە بۆم لە رێگای خەڵکانی مرۆڤ دۆست و رێکراوەکانەوە هۆکەشی ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە من خێزاندارم و خاوەنی منداڵێکم و خێزانەکەشم هەڵگری ناس نامەی نەرویجیە لە هەمان کاتدا ئەبێت رۆژانە سەردانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیس بکە بۆ واژۆ کردن تاکو ئەو رۆژەی کە ئەم نێرنەوە بۆ بەغداد.



گەرانەوەم ئارەزوو مەندانە نیەو بە زۆرە ملێیە و تاکو 2 ساڵیش ناتوانم بگەرێمەوە بۆ وڵاتی نەرویج ئەوەش کێشە یەکی گەورەیە لە بەردەم من خێزانەکەمدا دەبێتە هۆی دابران لە هاوسەر و منداڵەکەم و گۆمان دەکرێت ببیتە هۆی لێکترازانی خێزانیش .

لەلایەکی ترەوە ئەو پەنابەرانەی کە کێسەکانیان داخراوە بۆ دواجار بەشێکی زۆریان کارەکانیان لەدەست داوە بەهۆی نەبونی مۆڵەتی کار کردن و نەبوونی پسولەی باجەوە . واچاوەرێ ئەکرێت لە کۆتای مانگی فێبری وەردا پتر لە 2000 هاوڵاتی کورد بێ کار بکەونەوە بە هۆی داخستنی کێسەکانیانەوە.

بۆ جارێکی تر بەناوی کۆمیتەی موفەوە بۆ داکۆکی کردن لە پەنابەران داوا لەناوەندەکانی دەسەڵاتی هەرێم و هەڵبژێردراونی کورد لە بەغداد ئەکەین کە بەهانی پەنابەرانەوە بێن کە لە ئێستادا لە وڵاتانی ئەورووپادا روو بەروی قەیرانێکی خراپ بونەوە گوزەرانیان روو لە خراپیدایە...